# بەش کوردی

# کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی

# زانکۆی سەلاحەددین

# بابەت : ئەدەبی منداڵان

## ناوی مامۆستا: د. ڕازاو ڕەشید سەبری

## ساڵی خوێندن: 2023-2024

## کۆرسی یەکەم

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| **1. ناوی کۆرس** | کۆرسی وەرزی |
| **2. ناوی مامۆستای بەر پرس** | د. ڕازاو ڕەشید سەبری |
| **3. بەش/ کۆلێژ** | پەروەردەی بنەڕەتی/ بەشی کوردی |
| **4. پەیوەندی** | **ئیمێل:**<br>**razaw.sabri@su.edu.krd**<br>**ژمارەی تەلەفۆن (بەپەی ئارەزوو):** |
| **5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک** | **تیۆری: 3**<br>**پراکتیک:** |
| **6. ژمارەی کارکردن** | **ئامادەبوونی مامۆستای وانەبێژ بۆ قوتابیان لە ماوەی هەفتەیەکدا (3) کاتژمێرە.**<br><br>هەروەها لەحەفتەیەکدا بەنزیکی (1) کاتژمێر بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری قوتابییەکان و قسەکردن لەسەر سەرچاوەو بابەتی تری پەیوەندیدار بە وانەکەوە تەرخان دەکرێ، ئەم کات بەخشینەش بەشێوەیەکی دیاری نەکراو و نافەرمییە. |
| **7. کۆدی کۆرس** | |
| **8. پرۆفایەلی مامۆستا** | بڕوانامەی بەکالۆریۆس: زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر، کۆلیژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان ، بەشی کوردی، 1999<br>بڕوانامەی ماستەر: زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر، کۆلیژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی کوردی، 2007<br>بڕوانامەی دکتۆرا: زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، بەشی زمانی کوردی، 2021<br>ساڵی دامەزراندن: 2001<br>خزمەت لەزانکۆ: لە 2007 ە وە تا ئێستا<br>نازناوی زانستی: مامۆستا |
| **9. وشە سەرەکیەکان** | ئەدەبی منداڵان، خاسیەتەکانی ئەدەبی منداڵ، سایکۆلۆژیای منداڵ، چیرۆکی منداڵان، شانۆی منداڵان، شیعری منداڵان. |

**10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

- **گرنگی خوێندنی کۆرسەکە (بابەتەکە)**
- **تێگەیشتنی چەمکی سەرەکی کۆرسەکە**
- **بنەما وبیردۆزی کۆرسەکە**
- **زانینی تەواو بە لایەنە گرنگیەکانی بابەتەکە**

**11. ئامانجەکانی کۆرس**

**پرۆگرامی خوێندنی وانەی (ئەدەبی منداڵان) بۆساڵی** (2023/2022) **بریتییە لە شارەزایی کردنی قوتابییان بە چەمك و ناسینی ئەدەبی منداڵان،دەستنیشانکردنی ئامانج و خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی ئەو ئەدەبە،لە گەڵ پێداچوونێکی خێرا بە مێژووی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئەدەبی منداڵان لە جیهان بە گشتی و لە ئەدەبی کوردی بە**

تایبەتی . هەروەها باسکردنی قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی منداڵ و سایکۆلۆژیای هەریەکە لەو قۆناغانە بە پێی چێژییان بۆ ئەدەب.ئینجا ئاماژەکردن بە جۆرە جیاوازەکانی ئەدەبی منداڵان لە هەریەکە لە ( شیعر، شانۆگەری ، چیرۆك )، تایبەتمەندی هەریەکە لەو ژانرە ئەدەبییانەو هێنانەوەی نموونەو پراکتیزەکردن لەسەری .

هەروەها فراوانکردنی توانای هزری قوتابییان بەگرنگترین ئەو تەکنیکانەی ، کەلەدەرەوەی کتێب ، یان نامیلکەی چیرۆکی منداڵان بەکار دێن. وە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا.
وەك: ناونیشان ، فۆنت ، وێنەو نیگار ، ڕەنگ...تاد. لەگەڵ فێربوونی قوتابییان بەهەندێك لە جۆرەکانی چیرۆك لەڕووی ناوەڕۆکەوە.
لێرەدا ئامانج و مەبەستی تایبەتی من لەخوێندنی ئەو بابەتانەدا ، لەگەڵ ناسیین و تێگەیاندنی قوتابییان لەچەمکی ئەو زاراوانەدا وەك ئامانجێکی گشتی ، شارەزایی پێدانیانە لەسەر چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەو ڕەگەزانە لەنێو ئەدەبی منداڵان ، لەلایەن نووسەرانەوە ، فێرکردنیان لەوەی کە ئەم ڕەگەزانە بە پێی قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی منداڵ دەگۆڕێن. هەروەها پراکتیزەکردنی ئەو زانیارییانەیان لەسەر (نمونەی چیرۆکیی،شیعریی ،یان دەقی شانۆگەری) نێو کتێب و نامیلکەی منداڵاندا.

**12.** ئەرکەکانی قوتابی

خۆئامادەکردنی قوتابیان لەهەر وانەیەکدا ، وەك ئەرکێکی سەر شانیان بە خوێندنەوەی پەرتووکی لەبەر دەستدا بووی پرۆگرامی بڕیاردراو ، وە خوێندنەوەی سەرچاوەی تری تایبەت بە بابەتەکانی وانەکە. بەمەبەستی دروستکردنی بازنەی گفت و گۆ لەناو پۆلدا و ، گۆڕینەوەی ڕا و بۆچوونەکانیان. تاوەکو وانەکە بەشێوەیەکی باش بەڕێوە بچێت ، زۆرترین قوتابییان تێیدا سوود مەندبن ، دەبێت قوتابییان هەوڵبدەن لەنەهاتن دوور بکەونەوە و ، بەشێوەیەکی ڕێك و پێك ئامادەی وانەکان بن و پابەندی دەوامکردن بن. ئەو سەرچاوانەش کە گرنگن و پێویستن بییانخوێننەوەو ، لەگەڵ ڕاڤەو شیکردنەوەی مامۆستا و گفت و گۆی نێوان قوتابییان و مامۆستا ، تێبینییەکان لەلای خۆیان تۆمار بکەن ، کەواتە تێبینی وانەکان (محازرەکان) و ئەو تێبینییانەی ، کە مامۆستا لەمیانەی ڕاڤەی وانەکاندا پێشکەشیان دەکات ، زیاتر بۆ پاڵپشتکردنە نەك وەك جێگرەوەی نووسینەوە لەپەڕاوەکان (واتە: جگە لەوەی کە لەپاوەر پۆینت نووسراوە ، دەبێت قوتابی تێبینییەکانی خۆشی لە (پەڕاوەکە)تۆماربکات) ، بەئامادەکراویی بێتە ناو پۆلەکە. ئەمانە گشتیان بنەمای سەرکەوتنی وانەکانی بابەتەکەن.
پێویستە قوتابی لە چالاکیی و بەشداری نێو پۆل لەتێکڕای ساڵی خوێندن، کە ئەمانە لەخۆدەگرێت:(ئامادەبوون و پابەندبوون، سمیناری ماوە کورت سەبارەت بەچەمکێکی تایبەت لەنێو بەرنامەی داواکراو ، خوێندنەوەی پەرتووکی پەیوەست بەباتەکەو نمایشکردنی پوختەیەکی لەماوەی (5) خولەکدا لەپۆل ، ئامادەیی بۆ تاقیکردنەوەی ماوە کورت و لەناکاو، بەشداری لە راڤەی بابەتەکە لە نێو پۆلدا)

**13. ڕێگەی وانە ووتنەوە**

**لەم وانەیەدا چەندین شێواز بەکاردەهێنری بۆ گەیشتن بەئامانجەکان و گەیاندنی زانیارییەکان بۆ قوتابی/خوێندکار وەکو ڕێگای ئامادەکاری،کە تیایدا بابەتەکان بە قوتابیان دەدرێ لەگەڵ بەکارهێنانی چەند ڕێگایەکی دیکەی وەکو ڕێگای گفتوگۆ و پرسیار و وەڵام لەپێناو دەوڵەمەند کردنی بابەتەکەو باشتر گەیاندنی زانیارییەکان. بەکارهێنانی هەریەك لەم شێوازانەش بەپێی سروشتی بابەتی وانەکەو بوونی سەرچاوەو هۆکاری پێویستی لەبەردەستدا بوو دەگۆڕێ.**

**14. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

یەکەم: لە (40%)ی نمرەکان، تایبەتە بە کۆششی ساڵانەی قوتابی، کە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەبن:

1. لە 15% تاقیکردنەوەی یەکەم
2. لە 15% تاقیکردنەوەی دووەم
3. لە 10% چالاکیی و بەشداری نێو پۆل لەتێکڕای ساڵی خوێندن، کە ئەمانە لەخۆدەگرێت: (ئامادەکردنی ڕاپۆرت و پێشکەشکردنی لەناو پۆلأدا، خوێندنەوەی پەرتووکی پەیوەست بەباتەکەو نمایشکردنی پوختەیەکی لەماوەی (5) خولەکدا لەپۆل ، ئامادەیی بۆ تاقیکردنەوەی ماوە کورت و لەناکاو، بەشداری لە ڕاڤەی بابەتەکە لە نێو پۆلداا) دووەم: لە (60%)ی نمرەکان، تایبەتە بە تاقیکردنەوەی ناوەندی کۆتایی ساڵ، کە کاتی دیاریکردن و دەستپێکردنی لەکاتی خۆی دیاری دەکرێت.

**15. دەرئەنجامەکانی فێربوون**

قوتابی بەڕێز..

**وەرگرتنی ئەم کۆرسە بەتەواوی لەلایەن بەڕێزتانەوە، بەو مەرجەی ئامادەیی و پابەندیی تەواوت هەبێت لەگەڵیدا، هەروەها بەسەرنجەوە بەشداری تێدا بکەیت و بەدواداچوونت هەبێت بۆ سەرچاوەکانی، ئەوا بەدڵنیاییەوە لەچەند لایەنێکەوە گەشە دەکەیت، کە بریتین لەم لایەن و بوارانەی ژیانت:**

**شارەزایی کردنی قوتابییان بە چەمك و ناسینی ئەدەبی منداڵان،دەستنیشانکردنی ئامانج و خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی ئەو ئەدەبە،لە گەڵ پێداچوونێکی خێرا بە مێژووی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئەدەبی منداڵان لە جیهان بە گشتی و لە ئەدەبی کوردی بە تایبەتی . هەروەها باسکردنی قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی منداڵ و سایکۆلۆژیای هەریەکە لەو قۆناغانە بە پێی چێژییان بۆ ئەدەب.ئینجا ئاماژەکردن بە جۆرە جیاوازەکانی ئەدەبی منداڵان لە هەریەکە لە ( شیعر، شانۆگەری ، چیرۆك )، تایبەتمەندی هەریەکە لەو ژانرە ئەدەبییانەو هێنانەوەی نموونەو پراکتیزەکردن لەسەری .**

**هەروەها فراوانکردنی توانای هزری قوتابییان بەگرنگترین ئەو تەکنیکانەی ، کەلەدەرەوەی کتێب ، یان ناميلکەی چیرۆکی منداڵان بەکار دێن. وە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا.**

**وەك: ناونیشان ، فۆنت ، وێنەو نیگار ، ڕەنگ...تاد. لەگەڵ فێربوونی قوتابییان بەهەندێك لە جۆرەکانی چیرۆك لەڕووی ناوەڕۆکەوە.**

**16. لیستی سەرچاوە**

## سەرچاوە بنەڕەتییەکان :


- **ادب الاطفال (فلسفة ، فنونه ، وسائطه ). هادی نعمان الهیتی ( د )، دار الحرية للطباعة، بغداد،**1977
- **ادب الاطفال فی ضوء الاسلام ، نجیب الكیلانی (د.)،الطبعة الرابعة ، مؤسسة الرسالة ،بیروت،**1998 **م.**

- الادب و بناء الانسان ،على الحديدى (د)،مطبعة دار الكتب ، بيروت،لبنان،1973 م.
- ادب الاطفال،دراسة وتطبيق ،عبدالفتاح ابو المعال (د) ،الطبعة العربية الثانية،دارالشروق،عمان،2001 .
- قصص و حكايات الاطفال ،سمير عبدالوهاب احمد (د)، الطبعة الاولى ، دار المسيرة ، عمان ،2004 م .

**سەرچاوەی سود بەخش :**

1- **منداڵ و چیرۆکی منداڵان, محمد رحیم رمضان, چابخانەی زانکۆی سەلاحەددین, هەولێر, 1984 ز.**
2- **منداڵ و ئەدەب, نەوزاد علی ئەحمەد, چاپی دووەم,چاپخانەی روون, سلێمانی,2006 ز.**
3- **رەوشا چیرۆکێن زارکان ل دڤەرا بەهدینان (1980 ز-2004 ز),نامەی ماستەر, زانکۆی دهۆك, 2005 ز.**
4- **بینای هونەری چیرۆکی کوردی- لەسەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی, پەرێز صابر محمد, نامەی ماستەر, زانکۆی سەلاحەددین, 1992 ز.**

**سەرچاوەی پێویستیی لەبەردەستدابوو:**

- **ئەدەبی منداڵانی کورد لێکۆڵینەوە... مێژووی سەهەڵدانی ، حەمە کەریك هەورامی، بەرگی یەکەم-چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، 2005**
- **شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا،د.فازل مجید محمود،لە بلاۆکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی،2004.**
- **چیرۆکی منداڵان لەئەدەبی کوردیدا (1991- 2005) ز, ڕازاو رشید صبری, چابخانەی حاجی هاشم, هەولێر, 2010.**

**بنەمایکەرستەکانی ئەو کۆرسە ، لەم سەرچاوانەی سەرەوە پێکهاتووە ، جگە لەبابەتەکانی نێو میدیاو بابەتەکانی ئینتەرنێت و تێبینی وانەکان.**

**پێویستە قوتابی هانبدرێت ، بۆ گەڕان بەدوای هەر سەرچاوەیەکی تر کەوا یارمەتیان بدات ، بۆ باشترکردنیان لە خوێندنەوە ، لە نووسین ، گوێگرتن و قسەکردن ، زیاتر تێگەیشتنیان لەبابەتەکانی وانەکە.**

| | | |
|---|---|---|
| | | **17. بابەتەکان** |
| | **پرۆگرامی کۆرس وپلانی مانگانەی بابەتەکە:**<br><br>*** (4\9-4\10):-**<br><br>**- پێشەکییەك/ دەروازە**<br>**-ناسین و پێناسەکردنی ئەدەبی منداڵان**<br>**-خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی منداڵان**<br>**-ئامانجەکانی ئەدەبی منداڵان**<br>**- مێژووی سەرهەڵدانی ئەدەبی منداڵان لە جیهاندا :-**<br>**ا-لە ئەوروپا.**<br>**ب- لە ئەدەبی عەرەبیدا.**<br>**ج- لە ئەدەبی کوریدا .**<br>**تاقیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی یەکەمی قوتابییان لەسەر (15)نمرە .**<br><br>*** (4\10-4\11)**<br><br>**-سایکۆلۆژیاو قۆناغەکانی گەشەی منداڵ بەپێی چێژیان بۆ ئەدەب:**<br>**1- قۆناغی ڕیالیستی و ئەندێشەی سنوردار نزیکەی (3-5)ساڵان.**<br>**- گەشەی ژیری و زمان لەم قۆناغەدا.**<br>**- ئەدەب لەم قۆناغەدا .**<br>**2- قۆناغی ئەندێشەی ڕەها نزیکەی (6-9)ساڵان.**<br>**- گەشەی ژیری و زمان لەم قۆناغەدا.**<br>**- ئەدەب لەم قۆناغەدا .**<br>**3- قۆناغی پاڵەوانییەتی نزیکەی (9-12)ساڵان:**<br>**- گەشەی ژیری و زمان لەم قۆناغەدا.** | |

| | |
|---|---|
| - ئەدەب لەم قۆناغەدا .<br>4- قۆناغی ئایدیالی نزیکەی (12-15)ساڵان:<br>- گەشەی ژیری و زمان لەم قۆناغەدا.<br>- ئەدەب لەم قۆناغەدا .<br>- تاقیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی دووەمی قوتابییان لەسەر (15)نمرە .<br><br>* (4\11-4\12):-<br><br>- جۆرە جیاوازەکانی ئەدەبی منداڵان :-<br><br>یەکەم-چیرۆکی منداڵان.<br>- ئامانجەکانی گوتنەوەی چیرۆك لە قۆناغە بنەڕەتییەکاندا.<br>- مەرجەکانی چیرۆکی سەرکەوتوو.<br>- گێڕانەوەی چیرۆك بۆمنداڵان<br>- شێوازی گوتنەوەی چیرۆك.<br>-تەکنیکەکانی چیرۆکی مندڵان:<br>1-بیرۆکە.<br>2-ڕووداو.<br>3- کەسایەتی.<br>4-کات وشوێن.<br>5- گرێچن.<br><br>-ڕەگەزەکانی دەرەوەی نامیلکەو کتێبی چیرۆکی منداڵان.<br>-ناونیشان.<br>-ڕەنگ.<br>-وێنە. | |

| | |
|---|---|
| **-فۆنت.**<br>**-بەرگی دەرەوە.**<br><br>**دووەم- شانۆگەری منداڵان ، چەمك و ناسین.**<br>- **جۆرەكانی شانۆگەری منداڵان:-**<br>1- **شانۆی بوكە شووشە .**<br>2- **شانۆی قوتابخانە.**<br>3- **شانۆی ئۆپەرێت و گۆرانی .**<br>4- **شانۆی ئاسایی .**<br>**(12\8):-**<br>**-تاقیكردنەوەو هەڵسەنگاندنی** كۆتایی ساڵی **قوتابییان لەسەر (60)نمرە**<br><br>- **ڕەنگە پرۆگرامی بابەتەكە (مفردات) ، كەمێك گۆڕانكاری بەسەردا بێت ، درێژتریان كورت بكرێنــەوە ، بۆ ئەوەی بابەتێك تەواو بكرێت ، ئەگەر هەر گۆڕانكارییەك ڕوو بدا ، ئەوا پێشتر قوتابییان و لایەتنی پەیوەندار ئاگادار دەكرینەوە.** | |
| 18. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) | |
| نییە | |

19. **تاقیکردنەوەکان**

چەند نموونەیەك لە پرسیارەكان، كە شێوەی داڕشتن و وەڵامی كورت و شیكردنەوە و هەڵبژاردن و نووسینی وتاری لەخۆ دەگرن:

- ئەم دەستەواژانەی خوارەوە ڕاڤە بکە

١- ساڵانی حەفتاكان بە سەردەمی زێڕینی ئەدەبی منداڵانی كورد دادەنرێت.

٢- لە سەدەی (٢٠) دا بایەخدان بە ئەدەبی منداڵان لە ئەوڕوپا ڕووی لە فراوانی كرد و گەشەكردنەكە زیاتر پەرەی سەند .

٣- نوسەرانی ئەدەبی منداڵان لە نوسینی بەرهەمەكانیاندا سوودییان لە فۆلكلۆر وەرگرتووە.

٤- یەكێك لە خاسیەتەكانی ئەدەبی منداڵان بریتییە لە پابەندبوونی ڕەوشتی و شەرعی بە بنەماكانی ئایین و بەهاكانی و، تێروانینی گشتگیریی بۆ گەردوون و مرۆڤ و ژیان .

**٥- لە سەدەی (٢٠) دا بایەخدان بە ئەدەبی منداڵان لە ئەوڕوپا ڕووی لە فراوانی كرد و گەشەكردنەكە زیاتر پەرەی سەند**

| |
|---|
| **٦- نوسەرانی ئەدەبی منداڵان لە نوسینی بەرهەمەکانیاندا زۆرجار سوودییان لە فۆلکلۆر وەرگرتووە.**<br>**- بە کورتی باس لە ڕۆلی (نۆبارا بچوکان)ی ئەحمەدی خانی بکە، لە سەرهاڵدانی ئەدەبی منداڵانی کوردیدا.** |
| 20. **تێبینی تر:** قوتابییان دەتوانن نزیك لە سەرچاوە دیاریکراوەکانی نێو ئەم کۆرس بووکە، لە چوارچێوەی کۆرس بووکەکە دەربچن و بەدواداچوونی زیاتر بکەن بۆ بابەتەکە، هەروەها دەتوانن لەسەرچاوەی ترەوە باس لەو شتانە بکەن کە من باسم کردوون.. |
| **21. پێداچوونەوەی هاوەڵ:** |